کاندیدەکانی ژمارە (٥) و (١٠) و (٢٢)ی یەکگرتوو بەڵێنی بەدەستهێنانی مافەکانی کورد دەدەن

عادل نوری

عەلی ئەحمەد

بورهان ئەحمەد

ئاکۆ هۆرێنی
گەرمیان/ یەکگرتوو

* بەڕێز (بورهان ئەحمەد مەحمود) کاندیدی ژمارە (٢٢)ی لیستی (٣١٥)ی یەکگرتوو دەربارەی پێشبینی خۆی بۆ هەڵبژاردنی (٧/٣) وتی: "پێشبینی دەکەم لیستی یەکگرتوو ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنێت، چونکە شێوازی هەڵبژاردنەکە نیمچە داخراوە و کاندیدەکانیشمان جێگای قبوڵی جەماوەرن و خەڵکێکی رابردوو پاکن و خاوەنی ئەزموون و جەماوەرن، تەنانەت زۆرێك لە خەڵك ئەڵێن نازانین دەنگ بە کام نوێنەری یەکگرتوو بدەین ئەوەندە هەموویان کەسانی چاك و دڵسۆزن، ئەم شێوازی هەڵبژاردنە لە قازانجی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە و ئیشەڵلا ئەنجامی باش بەدەست دەهێنین".

هەروەها (عەلی ئەحمەد حەسەن) کاندیدی ژمارە (١٠)ی لیستی یەکگرتوو گەشبینی خۆی دەربڕی بۆ ئەم هەڵبژاردنە بەتایبەتی بۆ لیستی (٣١٥) و پێشبینی کرد کە ئەمجارە خەڵکی مەحروم و بەشمەینەتی کوردستان زیاتر متمانەی خۆیان بدەنە لیستی یەکگرتوو و، بەو هۆیەشەوە ئەرکێکی زیاتر دەکەوێتە ئەستۆی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، واتە ئەو یەکگرتووەی کە لە چوار ساڵی رابردوودا سەلماندی داکۆکیکاری راستەقینەی جەماوەری کورستانە.

لەلایەکی ترەوە بەڕێز (عادل نوری) کاندیدی ژمارە (٥)ی لیستی یەکگرتووش جەختی کردەوە لە جیاوازی ئەم هەڵبژاردنە لەچاو هەڵبژاردنەکانی رابردوودا لەبەر کۆمەڵێك هۆکار کە ئاماژەی پێدان بەم جۆرە:

١- سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانان لەم قۆناغەدا لە عێراق دەکشێنەوە.

٢- کورد پاشەکشێیەکی زۆر دەکات لە سوڵتەی تەشریعی و تەنفیزی و کەمبوونەوەی ژمارەی کورسییەکانمان کە هیچ یاسایەکی پێ بنیات نانرێت.

٣- نەمانی تەوافوقی سیاسی و ئەو دوو هۆکارەی پێشووترین وا دەکات کە کورد بە هەموویشییەوە ئەگەر یەك دەنگ بێت ئەوا هەر هیچی پێنەکرێت.

٤- شەڕی کورد ئەمجارە سەختە، چونکە بەعسییەکان دێنە ناوەوە و هەروەها ستراتیژییەتی شیعەکانیش گۆڕاوە.

* سەبارەت بە هۆکاری خۆ کاندیدکردنی بەڕێز (عەلی ئەحمەد) گەڕاندییەوە بۆ ئەوەی کە دنیایەك گەندەڵی دووچاری گەلانی عێراق و کوردستان بووەتەوە لەلایەن لیستەکانی ترەوە، کە ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ناوبراو خۆی کاندید بکات و بێتە ناو کێبڕکێی هەڵبژاردنەوە، بۆئەوەی بتوانێت بە باکگراوندی ئیسلامییەوە چاکسازی و خزمەت ئەنجام بدات.

(عادل نوری)ش دەربارەی هۆکاری خۆکاندیدکردنی ئاماژەی بەوەدا کە پێشتر و بەتایبەتی لە زەمەنی ئەنجوومەنی حوکمی عێراقیدا رۆڵێکی کارا و بەرچاوی گێڕاوە لە کایەی سیاسی عێراقیدا و ئاشنایەتییەکی باشی هەیە لەگەڵ لایەنە عێراقی و عەرەبی و بیانییەکانیش، هەروەها شارەزاییەکی باشی هەیە لە بواری چۆنێتی مامەڵکردن لەگەڵ هەمووایاندا، بۆیە دەتوانێت دیسانەوە و بۆ لەمەودوا ئەگەر بچێتە پەرلەمانی عێراق ئەوا باشتر لە کەسانی تر دەتوانێت خزمەت بکات و مافەکانی کورد دەستەبەر بکات.

(بورهان ئەحمەد) هۆکاری خۆ کاندیدکردنی گەڕاندەوە بۆئەوەی لە بوارەکەی خۆیدا کە بواری یاساییە بەو پێیەی کە پیشەکەیشی پارێزەرییە بتوانێت خزمەت بە گەلەکەی بکات و، پێی وابوو ئەگەر دەربچێت ئەوا سەنگەرێکە بۆ خزمەتکردن و ئەگەر دەریش نەچێت ئەوا لە سەنگەری تردا بەردەوام دەبێت لە خزمەتکردن.

* بەڕێز (عادل نوری) هاوڵاتیان بەرچاوڕۆشن و ئاگادار دەکاتەوە لەوەی کە کورد لە رابردوودا کۆمەڵێك کەیسی گرنگی دۆڕاندووە وێڕای ئەوەی کە ئەو ژمارە دەنگەی بەرامبەر بە کورسیەك دێت لە پارێزگاکانی کوردستان ژمارەیەکی زۆرە و بەڵام لە پارێزگاکانی باشووردا ژمارەیان کەمە، بۆیە ئاماژەیدا کە زیاتر لە چوارسەد هەزار دەنگی کورد بەفیڕۆ دەڕوات بەو شێوەیە کە هەموو ئەوانە بەسەر کورددا تێپەڕ بووە و گەلێك سازشی زۆری تریش کراون.

(عەلی ئەحمەد) داوای لە هاوڵاتیانی عێراق و کوردستان کرد کە بەجورئەتەوە بێنە مەیدان و دەنگی خۆیان بدەن، چونکە ئەزموونی دەسەڵاتدارانی عێراق سەلماندوویەتی کە گۆڕانکاری پێویستە بکرێت و کەسانی کارامە و دڵسۆز پێویستە وڵات بەڕێوە ببەن، کە ئەوەش تەنها بە دەنگی هاوڵاتیان دەکرێت، هەروەها پێشنیاریشی کرد بۆ هاوڵاتیان کە بە وریاییەوە دەنگ بدەنە نوێنەرانی راستگۆ و دەستپاك و ئەوانەی هەست بە چاودێری خوایی دەکەن.

پەیامی (بورهان ئەحمەد) بۆ هاوڵاتیان ئەوەبوو کە داوای کرد دەنگدەران با ئەمجارە یەکگرتوو تاقی بکەنەوە چونکە جارەکانی تر کەسانی تر زۆرینەی دەنگیان هێناوە بەڵام یەکگرتوو دەنگی کەمتر هێنابوو کە پێنج کورسی بوو و توانیان بەو پێنج کورسییەوە دەنگێکی دڵێریان هەبێت و خزمەتی باش بکەن و زۆر دۆسییەیان بەرەوپێش بردووە، ئەگەر ئەمجارە کورسییەکانمان زیاد بکات ئەوا کاری باشتر دەکەین، هەروەها ناوبراو داوایشی کرد هەموو هاوڵاتیان دەنگ بە لیستی (٣١٥) بدەن.

* (بورهان ئەحمەد) بەڵێنی دا بە هاوڵاتیان ئەگەر متمانەی ئەوان بەدەست بهێنێت ئەوا هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو مافانە بدات کە تائێستا وەکو پێویست داکۆکی لێنەکراوە و پێشتر سازشیان لەسەر کراوە، جەختی کردەوە کە داکۆکیکارێکی باش بێت تەنانەت ئەگەر گیانی خۆیشی بەخت کردبێت سازش لەسەر مافێکی گەلەکەی نەکات.

(عەلی ئەحمەد) وەکو پسپۆڕێکی مێژوویی کە خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە مێژوودا بەڵێنی بە هاوڵاتیاندا کە ئەگەر بچێتە ئەنجوومەنی نوێنەران ئەوا مافە مێژوویییەکانی کوردی تیا بچەسپێنێ لە رووانگەی بەڵگەنامە مێژوویییەکانەوە، هەروەك ناوبراو نموونەی هێنایەوە کە هەردوو شاری کەرکوك و موسڵ لەناو نەخشەی کوردستاندا هەیە کە لەلایەن عوسمانییەکانەوە لە مێژوودا نووسراوەتەوە، هەروەها بەڵێنی دا هەوڵی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بدات لەگەڵ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)، هەروەها ئامادەیی تەوای نیشاندا بۆ بەرگریکردن لە تەواوی مافە مێژوویییەکانی کورد.

(عادل نوری) بەڵێنیدا بە هاوڵاتیان کە کۆمەڵێك دۆسیەی تر درووست بکات کە پێشتر کورد نەیکردووە و بەپێی زەمەنیش لەپێش مەسەلەی دوجەیلەوە بوون وەك دۆسیەی تەرحیلکردنی گوندەکانی ناحیەی مەیدان و قۆرەتوو و ناوچەکانی شەمێران ناوبراو سووربوو لەسەر گێڕانەوەی مافی ئەو ناوچانە لەسەر بودجەی عێراق و، بەڵێنی بە خوا و پاشان بە خەڵك دا کە فشار بخاتە سەر کاربەدەستانی کوردستان و هەمیشە وەك رابردوو جەریئو شەفاف بێت و چیتر وەك هەندێك کەس جانتا هەڵگر نەبێت لەنێوان فرۆکەخانەکاندا، بەڵکو ئەبێت سەربازێك بێت بۆ شەڕی داهاتووی پەرلەمان.

* لە کۆتاییدا (بورهان ئەحمەد) سوپاسی ئەو کەسانەی کرد کە دەنگ دەدەنە لیستی یەکگرتوو و متمانەی خۆیانی پێدەدەن.

(عادل نوری) لە کۆتاییدا هۆشیاری دا بە هاوڵاتیان کە چیتر بە چەواشەکارییەکانی راگەیاندن هەڵنەخەڵەتێن و ئەمجارە کەسانی ئازا و بوێر بنێرنە بەغدا، چونکە قۆناغەکە زۆر هەستیارە.

(عەلی ئەحمەد) یش لە کۆتاییدا ئاماژەی بە ئیجابییەتی سەربەخۆبوونی لیستی یەکگرتوو کرد کە بۆ ئەم هەلومەرج و قۆناغەی ئێستا بە قازانجی خەڵکی کۆتایی دێت.

ئەو کەسەی بەرژەوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدا نەبێت، ناڵێت دەسەڵاتی کوردی باشە..

راز محەمەد
یەکگرتوو/سلێمانی

گەر چاوێکی خێرا بە مێژووی رابردووی کوردا بخشێنین و، تێڕامێنین بەسەر ئەو هەوڵ و خەباتە بەردەوامانەی کەسانێکی وەك (قازی محەمەد) و زۆرێك لەو قارەمانە سەربەرزانەی مێژوو کە هەموو هەوڵ و خەباتێکیان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی بوو، کە زۆرێکیان خۆیان کردە قوربانی و بە پەتی سێدارەوە کران بۆ ئەوەی حکومەتێکی کوردی دامەزرێنێن.

دوای سەردەمێك چەشتنی ئازار و ئەشکەنجە و ئەنفال و کیمیاباران و جینۆساید بەدەستی رژێمە دۆراوەکەی بەعس و دامەزراندن و تێپەڕبوونی تەمەنێك بەسەر حکومەت و دەسەڵاتی کوردی دا هێشتا زۆرێك لە گەنجان و بەتەمەنەکانی ئەم وڵاتە لە بێهیوایدا درێژە بە ژیانی خۆیان ئەدەن، چونکە دەسەڵاتی کوردی لە توانای باشکردنی ژیانیاندا نییە و دوو حیزب حکومەت بەڕێوە دەبات کە لە قوتابخانەی بەعسدا گەورەبوون و لە بەرژەوەندییەکانیان تەنیا لە گیرفان پڕکردنیاندا خۆی دەبینێتەوە، هێندەش چاوەڕوانی گۆڕانی ئەم دوو دەسەڵاتەیان کردووە بێزاربوون.

ئایا شەقامی کوردی تاچەند لە حکومەتەی ئەمڕۆ رازین؟

لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا ئایا ئەدای کاری پەرلەمانتارانی کورد لە پەرلەمانی عێراق لە چ ئاستێکدایە بەتایبەتی پەرلەمانتارانی یەکگرتوو؟ ئایا توانراوە ببنە نوێنەرێکی باش بۆ تاکی کوردی؟

سەبارەت بە وەڵامی هەریەکە لەو پرسیارانە (عەتا سالح) کە هاوڵاتیەکی شاری سلێمانییە وتی: "بەڕاستی گەر بەڕێژە بڵێین ئەوە من دەڵێم بەڕێژەی (٥٠٪) چونکە ئەوەندی حکومەت و دەسەڵاتی کوردی سەرقاڵبوون بە ململانێی نابەجێی حیزبیەوە کەمتر توانیویەتی ئەدای کاری خۆی ئەنجام بدات و، ناڵێم کاری نەکردووە بەڵام لە جێی تموح و داوای هاوڵاتی کوردا نەبووە، هێشتا بەدەست دەستەبەرکردنی مافە سەرەتایەکانمانەوە دەناڵێنین". سەبارەت بە ئەدای کاری پەرلەمانتارانی کوردیش لە پەرلەمانی عێراق وتی: "ناڵێم کاریان نەکردووە بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو نەبووە و نەیانتوانیوە بەجدی کار بۆ بەدیهێنانی مافەکانی کورد بکەن لە بەغدا، پەرلەمانتارانی یەکگرتوو کاریان کردووە بەتایبەتی خاتوو (ئەسمەر و کاك سامی ئەتروشی)، بەڵام لەبەر کەمی رێژەیان کەمتر توانراوە کارەکانیان رۆڵیان هەبێت"..

دواتر هاوڵاتیەکی تر بەناوی (کامەران محەمەد) وتی: "بەڕاستی تەنیا ئەو کەسانە لە حکومەت رازین کە بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتدا بێت، دەسەڵاتی کوردی هێشتا نەیتوانیوە وەك پێویست رۆڵی خۆیان بگێڕن، ئێمە ئەو پەرلەمانتارانەمان نارەد بەغدا تا ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێننەوە، بەڵام نەیانتوانی و بگرە ئامادەبوون لەسەر زۆرێك لە مەسەلە کوردیەکانیش دەستبەرداربن"..

سەبارەت بە پەرلەمانتارانی یەکگرتوو ئەو هاوڵاتییە ئاماژەی بەوە کرد کاری باشیان کردووە بەڵام شەرت ئەوەیە حکومەتی هەرێم جێبەجێی بکات.

دواتر گەنجێك کە لەبەر دەرکی سەرادا بە خوێندنەوە سەرقاڵ بوو، وتی: "تاڕادەیەك یارایم، گەرچی نەیانتوانیوە وەك پێویست کار بۆ توێژی گەنج بکات، کاری ئەو پەرلەمانتارانەی بەغدا گەرچی وەك پێویست نەبووە"..

دواتر گەنجێك کە بەتەنیا دانیشتبووبە سیمایەوە دیاربوو کە خەرمانێك لە خەم و دەریایەك لە بێهیوایی لەکۆڵ نابوو، کاتێك پرسیاری ئەوەم کرد ئایا تاچەند لە دەسەڵاتی کوردی رازی؟ لە وەڵامدا وتی: "من ناڵێم رازیم و ناشڵێم نارازیم، چونکە هیچ چاوەڕوانییەك لە حکومەت نییە و پەرلەمنتارانی کورد سەبارەت بە پەرلەمانتارانی یەکگرتوو هیچ شتێك پێشکەش بە کورد بکەن". ئەو گەنجە لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە نایەوێت بەشداری بکات لە هەڵبژاردنی ئەم جارەدا، چونکە ئەو نایەوێت بەشداری بکات لە هەڵبژاردنێکدا بگاتە شەڕە پەرۆ و شەوانە بکەونە گیانی یەکتری، نامەوێت کەسێك بە دەنگی من بچێتە پەرلەمان و بێتە خاوەن پارە و داهات..

دواتر (گوڵان عومەر) وتی: "هیچ لە دەسەڵاتی کوردی رازی نیم، ئەوەندەی کار بۆ حیزب و گیرفانیان دەکەن ئەوندە کار بۆ باشکردنی بژێوی خەڵك ناکات، تەنیا پەرلەمانتارانی یەکگرتوو کاریان کردووە و سەلماندوویانە خەمخۆری وڵات و دینەکەیانن".